# بەجیهانیبوون

ن: یۆرگن هابرماس
و: سۆران عەلیپور

لە پێشەکی کتێبی هێزە بزوێنەرەکانی جیهانی و ژینگەی خۆجێییدا هاتووە: ئەمڕۆ پرسیاری هەرە گرینگ ئەوەیە کە ئایا دەکرێ جارێکی دیکە لەسەر ئاستی جیهان و دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت — نەتەوەدا، توانای سیستەمی سەرمایەداری لەسەر وێرانکردنی سیستەمی ژیانی لۆکاڵی و کۆمەڵگەو کلتوور رام بکەین؟

لە هەمبەر توانای بازاڕ بۆ هەڵسوڕانی ئابووری و تیشك خستنە سەر زانیاری نوێ هیچ گومانێکیان نییە، بەڵام بازاڕ تەنیا لە ئاست ئەو پەیامانەدا هەستیارە کە بەزمانی نرخ نووسراون و لە بەرانبەر دەرەنجامە نێوخۆییەکان، واتە ئەو کاریگەرییانەی لە بوارەکانی دیکەدا پێکیان دێنێ کەمتەرخەمە، هەر بەو هۆیە **ریچارد ترنش**، سۆسیۆلۆژیستی لیبرال نیگەرانە لەوەی کە نەتوانین سیاسییانە پەرژینێك بەدەوری ئەو بازاڕانەدا بکێشین کە وەك رابردوو لە هەرێمی فەرمانڕەوایی دەوڵەت- نەتەوەی لاوازو بارگران دەردەچن، بە هەڵوەرینی ئەو سەرچاوانەی نوێ نابنەوە لەگەڵ خۆ بێگانەبوونی فەرهەنگی بەربڵاوو تەقینەوە کۆمەڵایەتییەکان رووبەڕوو دەبینەوە.

ئەوە راستە کە دەوڵەت لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکاندا لە قۆناغی پاش جەنگ لە بری ئەوەی توانای سەرمایە بخاتە خزمەت رێگرتن لە جینایەتەکانی ژیانی لۆکاڵی، لە کردەوەدا پەرەی پێداون، جگە لەوە کە دەوڵەتی کۆمەڵگا سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان بە هاوکاری بیرۆکراسی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی، جۆرێك لە سیستەمی بیمە کۆمەڵایەتییەکانی پێکهێناوە کە هێندە هانی تاکەکەسیان نەداوە بۆ بڕیاردانێکی ئازاد سەبارەت بەچارەنووسی خۆی، هەروەها دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لە چارێکی کۆتایی سەدەی بیستدا، لە وڵاتانی ئەوروپای ئەندام لە (رێکخراوی هاوکاری ئابووری و گەشەپێدان) و وڵاتانی دیکەی ئەندامی ئەو رێکخراوەدا، بە شێوەیەکی بەرچاو توانیویەتی دەرەنجامە کۆمەڵایەتییە دزێوەکانی سیستەمێکی ئابووریی کارا قەرەبوو بکاتەوە.

سەرمایەداری بۆ یەکەمین جار لـە مێـژووی خۆیـدا، لـە پابەندبوون بەو بەڵێنە کۆماریخوازییەی کە گوایە هـەموو هاووڵاتیان لە بەرانبەر یاسادا یەکسانن، نەك هـەر خـۆی نەبوارد، بـەڵکو واقعییبـوونی ئـەو بەڵێنـەی بـەدیهێنا. دەوڵـەتی دیمـوکراتیکیی پـشت ئەسـتوور بـە یاسـای بنەڕەتی، گەرەنتی یەکسانبوون لە بەرانبەر یاسادا دەکـا. بەو مانایـەی کـە هاووڵاتیـان دەرفـەتی یەکـسانیان بـۆ بەپیادەکردنی مافەکانیان هەیە. لەو بوارەدا **جان راليز** پڕ نفووزترین تیۆریستی لیبرال باس لە (بەهای مونسفانەی) مـافی یەکـسان دابەشـبوو دەکـا، بـەو حاڵـەش لـە ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکانی بێ ماڵ و حاڵدا، کە بێدەنگ ژمارەیان لە چاو ئێمە زیاد دەکا، ئەو گوتەیـەی **ئاناتۆڵ فرانس** بەبیرماندا گوزەر دەکا کە دەڵـێ: (مـافی شـەوانە لەسەر جادە خەوتن، نابێ مافێکی گشتی بێ).

ئەگەر ئێمە یاسای بنەڕەتی خۆمـان وەك بەڵگەیـەك بـۆ وەدیهاتنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی ڕاڤـە بکـەین، ئـەو دیدە کە هاووڵاتیان بۆ خۆیان یاسا دادەڕێژن و خۆیان لـە پلەی یاسادانەرێك دادەنێن، هەڵگری ڕەهەندی سیاسی و شیکەرەوەی کۆمەڵگەیەکە کە بەهۆشیاری و وردبینییەوە حوکمی دەکا. لە ئەورووپای دوای شەڕدا، ئـەو چـەمکەی ڕەوەنـــدی دیموکراتیـــك، ڕێ نیـــشاندەری هـــەموو سیاسەتمەداران بووە بەروانگەی جیاوازەوە بۆ پێکهێنـانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی.

ئێمە ئەو ڕۆژانە بەو هۆشیارییە گەیشتووین کە ئـەو ئایدیایـە تـا ئێـستا، تـەنها لـە چوارچـێوەی دەوڵـەتی نەتەوەدا پراکتیك کراوە. بەڵام بەسەرنجدانی ئـەو خاڵـەی کە دەوڵەتی نەتەوە لە دۆخی پڕ لـە گۆڕانکـاری خۆیـدا، لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی و ئابووریی جیهانیدا پێناسـە دەکرێ و لەسنووردارکردنی تواناکانی خۆی نزیك بۆتەوە، دەگەینـە ئـەو ئەنجامـەی کـە دووشـت بەبـەردەوامی بەڵێکهەڵوەشـانی ئـەو ڕێکخـستنە کۆمەڵایەتییـەوە گرێدراوە، یەکەم خۆماڵیکردنی سیاسـیی سـەرمایەداری کە ئێستا لـە ئاسـتی جیهـانێکی ڕەهـاو بـێ سـنووردا بەرەڵڵا بووە و دووەمیشیان تاکە نموونەی دیموکراسییەکی بەرفراوان کە لانی کەم لە ئاستێکی گونجاودا چالاك بـێ. پرسـیاری گـشتیی ئەوەیـە کـە ئـەو فۆرمـە گـۆڕاوە دیموکراتیکـەی کۆمەڵگـە مۆدێرنـەکان، دەتـوانێ بـۆ دەرەوەی سنووری نەتەوەییەکان پەل باوێ؟

من دەمهەوێ ئەو پرسیارە لە سێ قۆناغدا ڕاڤـە بکـەم. سەرەتا پێویستە بـزانین کـە پەیوەنـدی نێـوان دەوڵـەتی نەتەوە و دیموکراسی چ پەیوەندییەکـە و سەرچـاوەی ئـەو گوشارانەی دەخرێنە سەر پێکەوە ژیانی دەوڵەتی نەتەوەو دیموکراسی لە هەلومەرجی ئێستادا چین؟ پاشان مـن لـە درێژەی ئەو ڕاڤەکردنەدا چوارچێوەیەك بۆ دیالۆگ لەسـەر (ڕێگەی سێهەم) دادەڕێژم و لە کۆتاییـشدا دیـالۆگ وەك سـەکۆیەك بـەکاردێنم و وەردەگـرم تـا هەڵوێـستی هێرشبەرانەی داهاتووی یـەکێتیی ئـەورووپا وێنـا بکـەم. ئەگـەر هاووڵاتیـانی ناوچـەکەی ئێمـە (وڵاتـە پیشەسازییەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا) کـە بـە شـێوەیەکی ڕێژەیی لە جیـاوکی جۆراوجـۆر بەهرەمەنـدن، بیانهـەوێ حیساب بـۆ داهـاتوو و دیـدی وڵاتـان و کیـشوەرەکانی دیکەش بکەن، پێویستە یـەکێتیی ئـەورووپا لـە ئاقـاری چەمکی فیدراڵدا بە شێوەیەك فراوان بکەنەوە، کە بتوانی لە بەرانبەر هاووڵاتیانی جیهانیدا، پێشمەرجی پێویـست بۆ گوزارشتکردنی جیهانی لە سیاسەت بخولقێنی.

## قەیرانەکانی
## دیموکراسی و دەوڵەتی – نەتەوە

ئەو شەپۆلانەی کە لەو ڕۆژانەدا لەژێر سەردێڕی گشتگیری (بەجیهانیبوون)دا سەرنجی هەمووان بۆ لای خۆیان رادەکێشن لە دۆخی سەرەوژێرکردنی ستراکتۆرێکی مێژووییدان کە تێیدا دەوڵەت و کۆمەڵگە و ئابووری لە دەروونی سنووری نەتەوەییدا خاوەنی یەک پانتایین. بەڵام لە بەجیهانیبوونی بازاڕەکاندا، رێژەی ئابووریی نەتەوەیی (کە تێیدا دەوڵەتان لە نێوان ئابووریی نێوخۆیی و بازرگانی دەرەکیدا سنوور دەکێشن) لە دۆخی گۆڕان بۆ ئابوورییەکی بان نەتەوەییدایە. ئەوەی کە لەو هەلومەرجە نوێیەدا جێگەی بایەخپێدانی تایبەتە پەلەکردنی خێراو زێدەتری جوولەی سەرمایەیە لە ئاستی جیهان و پێویستی هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی ئابووریی نەتەوەیی لە چوارچێوەی تۆڕی جیهانی بازرگانیی سەرمایەدا. ئەو هۆکارانە نیشان دەدەن کە بۆچی دەوڵەتان وەك پێشوو ناتوانن ستراکتۆرێکی نێودەوڵەتی، یا نێونەتەوەیی بەتۆڕی جیهانیی پەیوەندییە بازرگانییەکان ببەخشن. ئەوڕۆ لە جیاتی ئەوەی ئابوورییە نەتەوەییەکان لە چوارچێوەی نەتەوەییدا سنووردار بکرێن، دەوڵەتان لە بازاڕەکاندا تواونەوە.

ئاشکرایە لە دنیای ئێمەدا کاڵبوونەوەی سنوورەکان، تەنیا لە پاوانی ئابووریدا، لێکۆڵینەوەی **دەیود هلد** و هاوکارەکانی سەبارەت بە (گۆڕانکارییە جیهانییەکان)، کە بەو دواییانە چاپ بووە، وێڕای چەند بەشێك لەسەر بازرگانی جیهانی، بازاڕەکانی سەرمایەو کۆمپانیا فرەنەتەوەییەکان کە تان و پۆی بەرهەمهێنانیان سەرتاپای گۆی زەوی تەنیوە، چەند بەشێکیان تەرخان کردووە بۆ سیاسەت لە ئاستی جیهان، پێوەندی نێوان ئاشتی و هێرشە (تیرۆرییە) ڕێکخراوەکان، تۆڕەکانی راگەیاندن و پەیوەندییە گروپییەکان و شەپۆلی کۆچە گەورەکان و شێوەکانی کلتووری پێوەندیگرتن. رەوتی لەنێوچوونی سنوورەکانی نێوان کۆمەڵگەو فەرهەنگ و ئابووری کە بەپرتاوی لە جووڵەدایە، خەریکی گۆڕینی تایبەتمەندییە بونیادییەکانی سیستەمی دەوڵەتییە لە ئەورووپادا کە لە سەرەتای سەدەی هەڤدەهەم لەسەر بنەمای سنوور و لۆکاڵی جیاواز بیناکرابوون، سنوورو لۆکاڵگەلێك کە تا ئێستاش پێگەی گرنگترین شوناسە گروپییەکان لەسەر سەکۆی سیاسی دیاری دەکەن، بەلام ئارایشی بان نەتەوەیی بەرەو پێش دەچێ تا کۆتایی بەهەلومەرجێك بێنێ کە تێیدا سیاسەت و سیستەمی یاسایی بە شێوەیەکی بنیاتنەر لەگەڵ تەوەرە ئابووری و ترادسیۆنە میللییەکان لە نێو سنوورەکانی سەر زەویدا تێك بەستراون.

ئەو رەوتانەی لە ژێر سەردێڕی (بەجیهانیبوون)دا کورت دەکرێنەوە، نەتەنیا هەر یەکگرتوویەکی رێژەیی کۆمەڵە نەتەوەییەکان (کە بنەمای یەکگرتوویی هاووڵاتیان لە یەك دەوڵەتی- میللەت دایە) بەهۆی کۆچ و ریزبەندییە فەرهەنگییەکان دەخاتە مەترسییەوە، بەڵکو لەوانەش گرینگتر دۆخێك پێکدێنێ تواناکانی دەوڵەت کە بە شێوەیەکی زێدەتر لە پەیوەندییەکانی بەرداشی نێوان ئابووری جیهانی و کۆمەڵگەی جیهانیدا گیری کردووە، لە بڕیاردان و خۆ بەرێوەبردندا کەم

دەکاتەوەو ناوەرۆکی دیموکراتیکی ئەو دەوڵەتەش روو لە کۆنبوون و بێ نرخبوون دەکا.

مــن لێــرەدا بەربەســتە ئەزموونییــەکانی فــەرمانڕەوایی دەوڵــەت کــە لەئاســتی فەرمیــدا بەردەوامــە، دەخەمــە لاوەو تــەنها ســێ رووی لەنێوچوونی جیاوکەکانی دەوڵەتی- میللەت دەخەمە بەرباس.

١- هاتنە خواری تواناکانی دەوڵەت لـە چـاودێری و رامکردنی کۆمەڵگەدا.

٢- هاتنــە خــواری مەشــروعیەتیی رەوتــەکانی بریاردانی گشتی.

٣- بـێ توانـایی روو لـە زیـادبوونی دەوڵـەت، لـە پراکتیککردنی جۆرە جیاوازەکانی هەڵسوڕاندنی کاروبــارو هەڵوێــستە رێکخراوەییــەکان، کــە رەوابوونی دەوڵەت دابین دەکا.

**کەم توانابوونی دەوڵەت — نەتەوە**

١- واتایەکی لەدەستدانی خۆگەردانی ئەوەیە کە دەوڵەتی- میللەت ئیدی ناتوانێ، بۆ پارێزگـاریکردن لــە هاووڵاتیــانی خــۆی لــە بەرانبــەر ئــەو پەیامــە نێوخۆییانــەی کــە دەرەنجـامی بریــاردانی خــەڵکی دیکەیە، یان لە بەرانبەر پەیامی ناڕاسـتەوخۆی ئـەو رەوتانــەی کــە رەگ و ریــشەیان لــە دەرەوەی سنوورەکانی دەوڵەت دایە پشت بە هێزەکـانی خـۆی ببەستێ. ئەوەی لـە باسـەدا جێگـەی قوڵبوونەوەیـە ئەوەیە: لەلایەکەوە سنوور بەزێنەکان وەك پیسبوونی ژینگە، تاوانـە رێکخراوەکـان، قاچاغـچێتی چـەك، نەخۆشــــییە گوازراوەکــــان، مەترســــییەکانی سەرچــاوەگرتوو لــــە بــــەکارهێنانی تێکنۆلــۆژی پێــشکەوتوو لــە ئاســتێکی بــەربڵاودا، لەلایــەکی دیکەشەوە بە نابەدڵیەوە پەسـەندکردنی دەرئـەنجامی سیاسەتی دەوڵەتانی دیکە، کـە کاریگـەری گـرینگ لەسەر ژیانی ئەو کەسانە دادەنـێ کـە دەسـتیان لـە دارشــتنی ئــەو سیاســەتانەدا نــەبووە. بــۆ نموونــە مەترسییە چاوەڕوانکراوەکانی راکتـۆرێکی ئـەتۆمی لەبەرچاو بگرن کە بەبێ لەبەرچـاوگرتنی لایەنـەکانی پاراستنی لــە دەرەوەی ســنوورەکانی وڵات و لەســەر خاکی دەوڵەتی دراوسێ بنیادنراوە.

٢- مەشروعیەت کاتێك رووەو کەمی دەچێ کـە بریارە گشتییەکان (دیموکراتیك) لەلایەن کەسانێکەوە بدرێن کە ئەو بریاردانە لەسـەر ژیـانی خۆیـان هـیچ کاریگەرییــەکیان نــەبێ. ســەرەرای ئــەوەش کاتێــك بــەهۆی پەیوەنــدی چــەند لایەنــە، نیــازی زۆر بــۆ پێکهێنانی هاوئاهــەنگی لــە نێــوان سیاســەتەکان و بریارەکان، تەنیا لەرێگەی رێکەوتنە نێودەوڵەتییەکان مەیسەر دەبێ. مەشروعیەتی بریاردانـە گـشتییەکان هەرچەند بە ئاشکراییەکی کەمتر، وەلێ بەدەرەنجامی قووڵتر لە پـەل و پـۆ دەکـەوێ. ئـەو راسـتییەی کـە دەوڵەتە - نەتەوەییەکان بە شـێوەیەکی (دامـەزراو) لەناو تۆرێکی بـەرفراوان لـە رێکـەوتن و رێکخـراوە ژوور نەتەوەییەکان تێکچرژاون لە بەشـێك لـە بیاڤـە بریاردەرەکان، ئەو دەسکەوتانە قەرەبوو دەکاتەوە کە لەسەر ئاستی نەتەوەیی لـە دەسـتیان داوە بـەلام تـا کێشەی زیاتر لە رێگەی دانوستانە نێودەوڵەتییـەکان چارەسەر بکرێ و تا ئەو کێـشانە بایـەخی زیاتریـان هەبێ، بریـارە سیاسییەکان پـتر دەکەونـە دەرەوەی مەیدانەکانی فۆرمگرتنی دیموکراتیك و باوەڕەکـان و فــۆرمگرتنی ئــیرادەی گــشتی، کــە تایبەتمەنــدی

سنوورداری دەوڵەتە نەتەوەییەکانە. لە یەکێتیی ئەوروپادا رەوتی بڕیاردانی بیرۆکراتیکی ئەنجوومەنی پیران لە برۆکسل پێشان دەدا، کە جێگە چۆلکردنی کۆمەڵە بڕیاردەرەکان بۆ کۆمیتە نێودەوڵەتییەکانی نوێنەرانی دەوڵەتە جیاوازەکان، دەبێتە هۆی لاوازبوونی دیموکراسی.

٣- چڕبوونەوەی گفتوگۆ لەسەر سنوورداركردنی توانای دەستێوەردانی دەوڵەتی- نەتەوە لە پراکتیککردنی سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکانی گەورەتربوونی درزی نێوان ئەو سنوورەی دەوڵەتی- نەتەوە بۆ کارکردن لەبەردەستی دایە لەلایەك، ئامادەیی بازاڕە جیهانییەکان و خێراتربوونی رەوتی سەرمایە لەلایەکی دیکەوە، خۆبەشی کردەی ئابووریی ناوچەیی لە ناو دەبا.

نابێ خۆ بەشی ئەرکی لەگەڵ خۆ بەشی ئابووری تێکەڵ بکەین. واتە خۆ بەشی ئەرکی ئەوە نییە کە هەر وڵاتێك هەموو بەرووبوومەکانی (جێگەی نیازی) لەبەردەست دابێ، بەڵکە تەنیا مەبەست ئەوەیە کە هەر وڵاتەو پێویستە خاوەنی ئەو فاکتەرە تەواوکەرانە بێ کە هێزی کاری هەبوو لە کۆمەڵگەدا بۆ بەرهەمهێنان پێویستییەتی و لە هەموویان گرینگتر سەرمایەو ئۆرگانیزەکردنە. سەرمایەیەك کە ئازاد بێ و بۆ گەڕان بەدوای دەرفەتی باشتری سەرمایەگوزاریی و بەدەستهێنانی قازانج لە رێگەی ئالوگۆڕی سەفتە بۆ هەر جێگەیەك بڕواو هیچ زۆرێکیشی بۆ مانەوەی لە وڵاتدا لێ نەکرێ، دەوڵەت دەتوانێ (بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە ستاندارەدە کۆمەڵایەتییەکان، پاراستنی ئاسایشی کارکردن، یان پاراستنی تواناکانی خۆی لە وەڵامدانەوەی داواکاریدا) کۆمەڵە سنوورێك بۆ هەلومەرجی سەرمایەگوزاری نێوخۆیی پێك بێنێ و هەڕەشە بکا بۆچوونە دەر لە وڵات کەڵك لە مافی خۆی وەردەگرێ.

بەو شێوەیە کە دەوڵەتە نەتەوەییەکان هێزی خۆیان بۆ راپەراندنی کاروباری ئابووریی نێوخۆیی و گەشەپێدان و فەزاو و پاراستنی پایەکانی رەوابوون لە دەست دەدەن، هەمان شێوە لە دەیەی هەشتادا لە دەورانی حکومەتی میتێران دیتمان.

سیاسەتەکانی بەڕێوەبردنی داواکاری، دەرەنجامی پێچەوانەیان بۆ هەنگاوەکانی ئابووریی نێوخۆیی هەیە. چونکە ئێستا بۆرسی مامەڵەی نێونەتەوەیی ئەرکی هەڵسەنگاندنی سیاسەتە ئابوورییەکانی نێوخۆیی وەئەستۆگرتووە. لە بەشێکی زۆری وڵاتە ئەوروپییەکاندا ئەو راستییە کە بازاڕ جێگەی سیاسەتی گرتووە، خۆی دەبینێتەوە لە رۆڵی زیادبوونی بێکاری، گوشار لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتیی و بچووکبوونەوەی سندووقی بیمە کۆمەڵایەتییەکان.

دەوڵەت دوو رێگەی نادڵخوازی لەبەردەم دایە: تا نیاز بۆ قەرەبووکردنەوەی لەنگی بودجەکانی دەوڵەت بە زیادکردنی باج لەسەر سەرمایەی گوازراوەو جێبەجێکردنی کۆمەڵە سیاسەتێك بۆ هاندانی بەرەو پێشچوون، زیاتربێ، جێبەجێکردنی ئەو پرۆسەیە لەنێو سنوورەکانی دەوڵەت- میللیدا دژوارتر دەبێ.

### رەهەندەکانی وتووێژکردن

دوو کاردانەوەی رەهاو بێ ئەولاو لا، دوو کاردانەوەی کەم و زۆر روون لە بەرانبەر بەجیهانیبووندا هەیە. لە دوو کاردانەوە رەهایەکەدا

یەکەمیان (الف) لایەنگری و دووەمیان (ب) دژایەتیی بەجیهانیبوون و لەنێوچوونی سنوورەکان دەکا، بەڵام ئەو دوو کاردانەوەیە ڕێگەی بۆ لەدایکبوونی (ڕێگەی سێهەم) خۆش کردووە، کە بۆخۆی خاوەنی دوو فۆرمی جیاوازە:

(ج) ڕێگەی سێهەمی لایەنگیری (د) ڕێگەی سێهەمی هێرشبەری. الف: بنەمای تیۆریی بەرگریکردن لە بەجیهانیبوون. تیۆریی ئەرتۆدۆکسی لیبراڵی نوێیە کە لە چەند دەیەی ڕابردوودا پێشڕەوی وەرگەڕان ڕووەو سیاسەتە ئابوورییە ناسراوەکانی بە Supply side بووە، لایەنگرانی بەجیهانیبوون بەرگری لە پێڕەوی بێ ئەولاو لای دەوڵەت دەکەن لە پێویستییەکانی بازاڕی ئازاد بۆ چوونە نێو کۆمەڵگەی جیهانی، خوازیاری (دەوڵەتی بازاڕ تەوەرن) تا دەست لە پرۆژەی داماڵینی هێزی کار لە شمەك، تەنانەت لە پاراستنی ژینگەش، هەڵگرن بەگومانی ئەوان دەوڵەت بە تێکەڵبوونێکی پلە بە پلە لەگەڵ یەك سیستەمی ئابووریی ژوور نەتەوەیی، دەتوانێ دەست ڕاگەیشتنی هاووڵاتیان بۆ ئازادییە نێگەتیڤەکانی ململانێی جیهانی مسۆگەر بکا و ئەرکی خۆی لە دامەزراندنی ژێرخانە پێویستەکان بۆ ئاسانکردنی چالاکییە ئابوورییەکان، لەنێوخۆی وڵاتدا کەم بکاتەوەو ئەو چالاکییانە لە ڕوانگەیەکی قازانجخوازییەوە سەرنجراکێش تر بکا.

من لێرەدا ناتوانم پێش گریمانەکانی نموونەی تازە لیبراڵەکان یان ململانێی سەر پەیوەندی دادپەروەری کۆمەڵایەتیی و کارایی بازاڕ بخەمە بەرباس. بەهەرحاڵ دوو ڕەخنە لە گریمانەکانی تیۆری، تازە لیبراڵەکان دەگیرێ.

گریمان بەو شێوەیەی کە لایەنگرانی بەجیهانیبوون مەبەستیانە ئابووریی جیهان یەکسەر بکەوێتە ژێر ڕکێفی بازاڕەوەو هیچ لەمپەرێك لە پێش جووڵەی ڕەگەزەکانی بەرهەمهێنان ( بۆنموونە هێزی کار) لە ئارادا نەبێ و سەرەنجام ئەو سیستەمە ڕێك لە هەڵومەرجێکدا کە لایەنگرانی بەجیهانیبوون پێشبینییان کردووە، بە نەرمی دەست بەکار بکا. واتە دۆخێك بێتە گۆڕێ کە تێیدا هەماهەنگی و هاوسەنگی لە نێوان هەموو یەکەکانی بەرهەمهێناندا بەرقەرار دەبێ و دابەشکردنی کار بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ باڵادەست دەبێ، تەنانەت ئەگەر فاکتی باوەڕپێکراو بۆ ڕاستی و دروستی ئەو پێش گریمانانە لە ئارادا بێ، دەرەنجامەکانی هەم لە ئاستی نەتەوەیی و هەم لە ئاستی جیهانیدا پەسەندکردنی سەردەمێکی تێپەڕە کە تێیدا نەك هەر نایەکسانییە کۆمەڵایەتییەکان پەرە دەگرن و ستراکتۆرێکی کۆمەڵایەتی لەبەریەك هەڵدەوەشێ، بەڵکو پێوەرو پێودانگە ئەخلاقی و ژێرخانە فەرهەنگییەکانیش ڕووەو لە ناوچوون دەڕۆن. لەو هەڵومەرجەدا بەناچاری ئەو پرسیارە دێتە پێش کە تێپەڕین لەو نەهامەتییە چەند دەخایەنێ و گەیشتن بەو ئامانجە چەند قوربانی دەوێ؟ چەند کەس دەخرێنە پەراوێزەوەو پاشان لە سوچێك فڕێ دەدرێن؟ چ ئەندازەیەك لە میراتی فەرهەنگی دونیا، دەبنە قوربانی ئەو وێرانییەو بۆ هەمیشە لە دەست دەچن؟

سەبارەت بە داهاتووی دیموکراسیش بەهەمان ئەندازە نیگەرانی هەیە، چونکە ئەگەر بگەینە خاڵێك کە دەوڵەتی- نەتەوەیی توانای جێبەجێکردنی مانۆڕ و هەڵسوکەوتی لە دەست بێتەدەر کە

شێوەیەکیان لە مەیدانی نێودەوڵەتیدا نییە، هەموو ڕەوتەکانی دیموکراتیك و ئەو نیهادانەی کە وزەی گۆڕینی هەڵومەرجی هاووڵاتیان بە وڵات دەبەخشێ. بەناچاری لە نێوەڕۆکی راستەقینەی خۆی بەتاڵ دەبێتەوە. **ولفانگ ئستریك** ناوی لەو دۆخە ناوە (کەم بوونەوەی هێزی بیروڕا).

## لە باوەڕ بە پاوانخوازی تا ترس لە بێگانە

(ب) لە کاردانەوەی بەرانبەر سوان و بێ نرخبوونی دیموکراسی و هێزی دەوڵەتی نەتەوەیی پێکهاتەیەك هاتۆتە ئاراوە کە بۆ پاراستنیان لە بەرانبەر دارمانی کۆمەڵایەتیی واقیعی یان (بالقوة) قوربانیانی گۆڕانکاری بونیادی و لاوازکردنی هێزی دەوڵەتی دیموکراتیك و هاوڵاتییەکانیدا راوەستاوە. بەڵام مەیلی بێ سنووری پێشگیری لافاوی وێرانکەری هێزەکانی بازاڕ، بەواتای **چارلیزمیر:** (حزبی پاوانخوازان) (واتە کەسانێك کە خوازیاری بەر تەسككردنەوەی سنوورەکانن) لایەنگرانی تا ئەو جێگایەی بردووە کە خیانەت لە بنەماکانی بەرابەری و دیموکراسی بکەن. هەستی بەرگریکردن بەلانی کەمەوە بازاڕگەرمییەکە بۆ ئەو کەسانەی لە روانگەی نەتەوە تەوەرییەوە هەر چەشنە هەمەڕەنگی و جیاوازییەك رەتدەکەنەوە، لەهەر شتێکی بێگانە سڵدەکەنەوەو لەگەڵ کۆمەڵگەی مۆدێرنیشدا بەهۆی ئاڵۆزییەکانی دژایەتییان هەیە. تیری ئەو جۆرە هەستەی بەرگری، رووی لەهەر کەس، یان هەر شتێکە کە لە سنوورەکانی نەتەوە تێدەپەڕێ لە قاچاخچی چەك و مادە بێهۆشکەرەکانەوە کە ئاسایشی نێوخۆ دەخاتە مەترسییەوە، تا فیلمە ئەمریکییەکان و لێشاویی ئەو زانیارییانەی هەرەشە لە کلتوری نەتەوەیی دەکەن، تا دەگاتە کرێکارە کۆچبەرەکان و ئەو پەنابەرانەی وەك سەرمایەی بێگانە، ستاندارەکانی ژیان دەخەنە مەترسییەوە.

تەنانەت ئەگەر پێکهاتەی ماقوڵی ئەو کاردانەوە بەرگریخوازانەیەش لەبەرچاو بگرین، تێگەیشتنی ئەو خاڵە دژوار نییە کە بۆچی دەوڵەتە - نەتەوەییەکان بەقایمکردنی کەلێن و قوژبنی سنوورەکان ناتوانن سەر لەنوێ ئەو دەسەڵاتە وەدەست بێننەوە کە پێشتر هەیانبووە. ئازادبوونی پەیوەندییە بازرگانییە ئابوورییەکان لەسەر ئاستی جیهان، کە دوای جەنگی دووهەمی جیهان دەستی پێکردو بە شێوەیەکی کاتی فۆرمی سیستەمێکی ئابووریی لیبرالی بەخۆیەوە گرت کە لەسەر نرخە جێگرتووەکانی ئاڵ و وێری دراو دامەزرابوو، لەسەروبەندی رووخانی سیستەمی برۆتۆن وودز دا بە توندی پەرەیگرت. بەڵام ئەوە پەرەگرتنێکی ناچاری نەبوو. سنووردارکردنە پێکهاتەییەکان کە ئەو رۆژانە بەسەر پێویستییەکانی سیستەمی بازرگانی ئازاددا سەپێنراون (سیستەمێك کە بە دامەزراندنی رێکخراوی جیهانی بازرگانی WTO بەهێزکرا) دەرەنجامی ئیرادەیەکی سیاسییە. هەرچەند ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رەوشی چەند قۆناغ لە دانیشتنەکانی ناسراو بە Gatt ی سەپاند، واتە (رێکەوتننامەی گشتیی رەسمی گومرگ و بازرگانی)، بەڵام ئەو رێکەوتننامانە نیشانەدەری بڕیاردانی یەکلایەنە نەبوون، بەڵکو بەرهەمی کۆمەڵێك رێککەوتنی دوای وتوویژ بوون کە هەریەکەیان کورتە مێژوویییەکی خۆی هەیە.

ڕێكەوتننامــەكانی Gatt لــە ئــەنجامی وتوویــژ و دانیشتنەكانی نێوان كۆمەڵێك دەوڵەتدا هاوئاهـەنگ كرا كە ناچاربوون هێندێك جیاوك بەیەكـدی بـدەن و لەوێوە كـە دەركـەوتنی بـازاڕی جیهـانی بەرهـەمی بگرەو بەردەیەكی زۆری نێوان دەوڵەتەكان بووە و هەر هەوڵێكیش، ئامانجەكەی گۆڕینی ئـەو سیـستەمە و هەڵوەشاندنەوەی یەكلایەنەی كردەی ئـەو سیـستەمە بووبێ، كە دەرەنجامی بڕیاردانێكی گرووپییە، ئەگەری سەركەوتنی زۆر كەمە، هەر هەوڵێكی ئاواش لەگـەڵ بایكۆتكردن و سزادان ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

بەنبەست گەیـشتنی گفتوگـۆی نێـوان لایـەنگرانی (بــەجیهانیبوون) و لایــەنگرانی (پــاوانخوازی) بــوو بــەهۆی دۆزینــەوەی (ڕێگــەی ســێهەم) بــەلام ئــەو هەولانەش بـەدوو ڕێبـازی جیـاوازدا دەڕۆن. یـەكیان كــەم و زۆر بەرگریكــەرەو دووەمیــان كــەم و زۆر هێرشبەر. هەوڵی بەرگریكەرانە بەو پێش گریمانەیەوە دەسـتی پێكـردووە كـە ئەگـەر نـاكرێ هێزەكـانی سەرمایە ڕام بكەین، لانی كەم دەتوانین لەگەڵ ئاستی نەتەوەیی بیـانگونجێنێ. بـەلام هـەوڵی هێرشـبەرانە بەوە گەشبینە كە هێزی گۆڕانخـوازی سیاسـەتی بـان نەتەوەیی پلە بەپلە ببێتە هاوشانی ئەو بازاڕانەی كـە لە دەرەوەی بازنەكەدان (و ڕامیان بكا).

ج- لــە ڕوانگــەی بەرگریكارانــەی لایــەنگرانی بــەجیهانیبوون بــۆ ڕێگــەی ســێهەم وەرچــەرخانی سیاسـەتی دەكـرد بـۆ سیاسـەتی پێداویـستییەكانی كۆمەڵگەی جیهانی كە لە ژێر چەتری بازاڕی ئـازاددا یەكیگرتووە، ئیدی كردەنی نییە. بـەو حاڵـەش لـەو ڕوانگەیەوە ئەركی دەوڵەتی - نەتەوەیی نابێ لـەوەدا كـورت بكرێتــەوە كــە هەلومــەرجی كەڵەكــەبوونی سـەرمایە پێكبـێنێ. دەوڵـەت بێجگـە لـەوە دەبـێ چالاكانە هەوڵ بدا پێداویستی شـارەزایی، پێویـستی كێبڕكێ (لە بازاڕی جیهانی)دا بۆ هاووڵاتیـانی خـۆی دابین بكا، ئـەو سیاسـەتە كۆمەڵایەتییـە نوێیـە لـە ئامـانج و ڕێـڕەوی خۆیـدا لـە سیاسـەتی پێـشووی جیهانگیری كەمتر نییە.

بەهەرحاڵ ئامانجی ئەو سیاسەتە تەنیا پاراسـتنی هاوڵاتیان نییە لە بەرانبەر مەترسـییە ئاسـاییەكانی ژیانی پیشەیی، بەڵكو بە پلـەی یەكـەم دابینكردنـی شارەزایی مامەڵەكارانەیە بۆ هاووڵاتیـان تـا بتـوانن پارێزگاری خۆیان بن. كەواتە ئەو گوتە بەناوبانگـەی كە دەڵێ: (بەجۆرێك یارمەتی خەڵك بدە كـە بتـوانن یارمەتی خۆیـان بـدەن) ئێـستا دەنـگ و ڕوویـەكی ئابووری بەخۆیەوە دەگرێ و شـێویەك لـە بەرنامـەی ئامادەبوون دێنێتـە ئـاراوە كـە دەیهـەوێ هـەموان ناچار بكات ببنە پێشەنگ و بەرپرس تا لە مەیـدانی بازاڕدا لەسەر پێـی خۆیـان ڕاوەسـتن و لـە كۆتاییـدا نەبنە ئەو دۆڕاوانەی دەستی داواكردنی یارمـەتی بـۆ دەوڵەت درێژ بكـەن. (سۆسـیال دیموكراتـەكان دەبـێ پەیوەندی نێوان ریسككردن و ئاسایشی لە دەوڵـەتی خۆشگوزەرانی كۆمەڵایەتیـدا بـەجۆرێك بگـۆڕن كـە كۆمەڵگە ببێتە كۆمەڵگەی ریسكچییانی بەرپرس لە بیاڤـەكانی حكومــەت، بازرگــانی و بــازاڕی كــار یەكسانی نابێ ببێتــە لەمپــەرێك لــە بــەردەم چــەند جۆریدا، بەڵكە دەبێ هاوكاری بكـا. هەڵبـەت ئـەوە تەنها یەك ڕەهەندە، بـەلام ڕەهەنـدێكی كلیلـی ئـەو پرۆژەیە. ئەوەی كە ((كۆنە سۆسیالیـستەكان))، لـە ڕوانگەی ((حیزبی كاری نوێ، یان حیزبـی میـانڕەوی نوێ)) بێزار دەكا، تەنیا دزێوی ئەخلاقی ئەو حیزبانە

نییە بەڵكو بێجگە لەوەش ئەو پێشگریمانە ئەزموونییەیە كە كار (تەنانەت ئەگەر شێوە تەقلیدیەكەشی لەدەست بدا) وەك توخمێكی كلیلی لە تێكەڵەی كۆمەڵایەتییدا دەمێنێتەوە. بەسەرنجدان لە رەوتی درەنگ و پێشكەوتنی تەكنیكی كەمكردنەوەی كاتی كارو پەرەسەندنی بەرهەمگەرایی هاوكات لەگەڵ بەرەوژوورچوونی داواكردنی كار (زیاتر لەلایەن ژنانەوە)؟ ئەو پێشبینیە دژەی كە دەڵێ: ئێمە شاهیدی بەسەرچوونی كۆمەڵگەیەكین كە لەسەر دەسكەوتی كاری تەواو دامەزراوە، زۆر لەراستییەوە دوور نییە. كەواتە یا دەبێ ستاندارە كۆمەڵایەتییەكانی دابەشكردنی یەكسانی توورِ دەین یا رێگەی ئەلتەرناتیڤی نوێ لەبەرچاو بگرین كە گوشارێكی دیار دەخەنە سەر ئەتمۆسفێری سەرمایەداری نەتەوەیی.

بەسەرنجدان لە هەلومەرجی زاڵ بەسەر ئابووریی جیهانیدا، زۆر ئاستەمە پرۆژەی بەبێ سەرمایەی ئەوتۆ ببینین كە قەوارەی كاری روو لە كەمی ئێستا دادگەرانە دابەش بكاو، موڵكایەتی سەرمایە لە نێو پێچ و پەنای ژمارەی زۆری دانیشتواندا بخاتەگەرِ، یان لانی كەم كرێی كاركردن بەبێ لەبەرچاوگرتنی داهاتی راستەقینەی تاكەكەس، بەجۆرێك سەقامگیر بكا كە رێژەكەی لە سەرووی بیمە كۆمەڵایەتییەكان بێ.

لەرِووی نۆرماتیڤەوە لایەنگرانی رێگەی سێهەم دەچنە بەرەی ئەو لیبرالانەی وەك یەك تەماشای بەرابەری كۆمەڵایەتی و بەرابەری دەرفەت دەكەن. بەڵام ئەگەر ئەو رەگەزەی لە ئەخلاق قەرزمان كردەوە، بخەینە لاوە، هەڵسەنگاندنی گشتیی لە نێوان **مارگارت تاچێر و تۆنی بلێردا** كەم رەنگ و سەرەنجام بەرەو لەناوچوون دەچێ، زیاتر بەو هۆیەی كە نوێترین چەپ، واتە بلێر لەگەڵ چەمكە ئەخلاقییەكانی لیبرالی نوێدا خۆی گونجاندووە. مەبەستم ئامادەیی ئەو (نوێترین چەپ) بۆ وەرگرتنی ئەو بەهایانەی كە تێیاندا شێوەی ژیانە كە لەگەڵ بازارِی جیهانیدا دەگونجێ و چاوەرِوانە هاووڵاتی ببێ بە مامەڵەچییەك بتوانێ بەرِێوەبردنی سەرمایەی مرۆیی خۆی ئەستۆ بگرێ.

٤- ئەوانەی ئەو لێكدانەوەیە سەبارەت بە(رێگەی سێهەم) پەسەند ناكەن، لێكدانەوەی هێرشبەرانەی (رێگەی سێهەم)یان لە خەیاڵ دایە. لەو لێكدانەوەیەدا سیاسەت دەبێ وەپێش مەنتقی بازارِ بكەوێ. پرسیاری ئەوان ئەوەیە كە لۆژیكی سیستەمی بازارِ تا كوێ دەبێ بەو حاڵەی خۆی وازی لێ بهێنرێ و لە چ چوارچێوەیەكدا دەبێ حوكم بكا؟ ئەوانە پرسیارگەلێكن بەبرِوای ئەوان لە كۆمەڵگەی مۆدێرندا دەبێ، وەڵامەكەی لە رەوتی برِیاردانی راپرسییەكی سیاسیدا بدۆزرێتەوە، لەوانەیە ئەوەش بە (ویست باوەرِی) تێ بگەین، بەڵام لەراستیداو لە هەلومەرجی هەنوكەییدا تەنها پێشنیارێكی لە بارە كە ئەگەر ئەوەی تا ئێستا گوتویانە راست بێ، ناكرێ لە چوارچێوەیەكی میللیدا پراكتیك بكرێ. وەلێ هەوڵدان بۆ رزگاربوون لە ئیجباریەتی نێوان چەككردنی دیموكراتی لە دەوڵەتی خۆشگوزەرانی كۆمەڵایەتیدا یان سەرلەنوێ چەككردنەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی، ئێمە دەگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی كە بەدوای دەرفەتی قەرەبووكردنەوەی كردەوە لە دەستچووەكانی دەوڵەتی نەتەوەیی لە یەكەی سیاسی

گەورەتر و سیستەمە بان نەتەوەییەکاندا بگەڕێین بە شێوەیەك کە نیازمان بە لەدەستدانی ڕەوایی دیموکراتیك نەبێ. دیارە یەکێتیی ئەورووپا وەك نموونەیەك بۆ دیموکراسییەکی چالاك، یان سنووردارکردنەکانی دەوڵەتی - نەتەوەیی دێتە بەرچاو.

هەڵبەت پێکهاتنی شوناسی سیاسیی گەورەتر، خۆی لە خۆیدا ڕەوتی بەربەرەکانێی نێوان یەکەکانی بەرهەمهێنانی ناوچەیی ناگۆڕێ و پرۆسەی وەك یەك کردن لەژێر سێبەری بازاڕدا ناخاتە قەیرانەوە. تەنیا مەرجی هاوشانبوونی سیاسەت لەگەڵ بازاڕە بەجیهانی بووەکاندا ئەوەیە دەستمان بە ژێرخاتێك ڕابگا بتوانێ دووبارە چەمکێکی جیهانی سیاسەت بەدەستەوە بدا، بێ ئەوەی سیاسەت لە ڕەوتی دیموکراتیکی خۆی جیابکاتەوە.

هەڵبەت مەبەست لە (هاوشانبوون)ی سیاسەت لەگەڵ بازاڕە بەجیهانی بووەکان ئەوە نییە لە نێوان ئەکتەرەکانی سەر سەکۆی سیاسەت و ئابووری ململانێی دەسەڵات لە ئارادایە، بەڕاستی دەرەنجامە وروژێنەرەکانی لێکدانەوەیەك لە سیاسەت کە بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەو ستراکتۆرەکانی بازاڕ دەکاتە یەك، تەنیا ئاوا جێگەی شیکردنەوەی روونکردنەوەیە کە پارە ناتوانێ بۆ هەمیشە جێگەی دەسەڵاتی سیاسی بگرێتەوە. پێوەرەکانی کەڵك وەرگرتنی مەشروع لە دەسەڵاتی سیاسی لەگەڵ پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی سەرکەوتنی ئابووری یەکسان نین. بۆ نموونە بازاڕەکان بەپێچەوانەی سیستەم و دامەزراوە سیاسییەکان، ناتوانن لە ژێر دەسەڵاتی خەڵك دابن. وێنەیەکی گونجاوتر ئەوەیە کە بازاڕو سیاسەت وەك کاناڵە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن لەبەرچاو بگرین کە لە ململانێی یەکتر دان.

سیاسەتێك کە سنوور بۆ کاناڵی بازاڕ دادەنێ نیشان دەکا خۆژێینە (واتا خۆی سنووری دەسەڵاتی خۆی دیاری دەکا)، تا ئەو شوێنەی کە هەر هەنگاوێك بەرەو ڕووی ئازادکردنی بازاڕ لە کۆت و پێوەندەکانی بەمانای سنووردا بوون و بێ بایەخبوونی،ئۆتوریتەی سیاسییە لەسەر ئاستی کاناڵی بڕیاردانی بەکۆمەڵ.

(هاوشانبوون)ی سیاسەت لەگەڵ بازاڕە بەجیهانیبووەکاندا، یانی هەڵگەڕانەوەی ئەو ڕەوتە خۆتەوەرییەی سیاسەت بەمانا پۆزەتیڤەکەی نەك نێگەتیڤەکەی.

## ئەورووپا و جیهان

ئەگەر لەو روانگەیەوە، ئاوڕێك لە ئاڵوگۆڕەکانی یەکێتیی ئەوروبا بدەینەوە لەگەڵ پاڕادۆکسێك ڕووبەڕوو دەبینەوە، پێکهاتنی دامەزراوە سیاسییە نوێیەکان وەك ئەنجوومەنی پیرانی برۆکسل، دادگای عەدالەتی ئەورووپاو بانکی نێوەندی ئەورووپا، بەهیچ شێوەیەك بەو مانایە نییە کە سیاسەت وەپێش بازاڕ کەوتووە، پێکهاتنی یەکیەتی دراوی، نشاندەری دوایین هەنگاوی ڕەوتێکە، کە لەگەڵ هەبوونی پرۆگرامی سەرەکی **شومان گاسپری ئیدنائر**، ئەمڕۆ بەسەرنجدان لە ڕابردوو، دەتوانین بە ((پێکهاتنی

بازاڕە نێودەوڵەتییەکان)) پێناسەی بکەین، ئێستا یەکێتیی ئەوروپا چوارچێوەیەکی فراوانی لەو قارەیەدا لەخۆ گرتووە کە بەپشتیوانی بازاڕ، لەسەرەوە بووە بە تۆڕێکی قایم و بەربلاو، وەلێ لە قولاییدا ژێردەستی بریارگەلێکی لاوازە کە بەهۆی ئۆتۆریتەگەلێکەوە دانراون کە مەشروعیەتێکی ناڕاستەوخۆیان هەیە، لەوێوە کە ولاتانی ئەندام لە یەکێتیی ئەوروپادا دەسەلاتی دراویان بەسەر بانکی نێوەندی ئەوروپادا سەپاندووە بەو هۆیە توانای هەڵسوڕانی ئابووریی نەتەوەییان بە یاریکردن بەنرخی دراویەکەیان لەدەست داوە. ململانێیەکی توند کە لەوانەیە لە مەیدانی تاك دراویدا ببینین، گرفتگەلێك بەرهەندی جیاوازەوە وەدیدێنێ. ئابووریی ولاتە ئەوروپاییەکان کە تائێستاش لەسەر بنەمای سنوورە نەتەوەییەکان دامەزراون لە ئاستی نایەکسانی گەشەکردن و فۆرمی ئابووریی جۆراوجۆردان.

تا ئەو کاتەی تاکە ئابوورییەك لەو تێکەڵە نارێکە سەر دەرنەهێنێ، پەیوەندی دوو لایەنەی نێوان بیاڤەکانی ئابووریی ئەوروپایی کە تائێستاش لە سیستەمێکی سیاسی ناوچۆنییەك دان، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ململانێ، بە پلەی یەکەم ئەو گریمانەیە بۆ ئابوورییە لاوازەکان راسترە کە بۆ قەرەبووکردنەوەی بێبەشی لەو جیاوکانەی لە ئەنجامی کێبەرکێکان بەدەست دێن، بەناچاری نرخی هەقدەستەکان دێننە خوارێ. ئابوورییە بەهێزەکانیش دواتر نیگەرانی بازاڕشکێنی هەقدەستەکان دەبن. بۆ سیستەمەکانی دابینی کۆمەلایەتی سیناریۆیەکی تراژیدی لە ئامادەکردن دایە، کە جێگەی سەرنج و تاوتوێکردنە. ئەو سیستمانە لە ولاتە جۆراوجۆرەکاندا پێکهاتەی جۆراوجۆریان هەیەو دەسەلاتی دادوەریکردنیان لە سنوورە نەتەوەییەکان تێناپەڕێ. لەکاتێکدا بەشێك لە ولاتەکان نیگەرانی لە دەستدانی ئیمتیازگەلێکن کە بەهۆی لە خوارێبوونی کرێی کار بەدەستیان هێناوە، ئەوانی دیکەش لەو سەوداو مامەلانە دەترسن کە ئەنجامەکەی هاتنە خواری رادەی هەقدەستە. ئەوروپا لە بەرانبەر ئەو دووریانەدایە کە دەبێ بەکەڵکوەرگرتن لە رەفتاری بازاڕ، واتە پێکهێنانی رکابەری لە نێوان سەنتەرە جۆراوجۆرەکانی چالاکی ئابووری و لە رێگەی سیاسەتی جۆراوجۆری پارێزگاری و کۆمەلایەتیی لەژێر ئەو گوشارانە بێتە دەرێ، یان دەبێ لە رێگەی ئامرازی سیاسی ئەو کێشانە چارەسەر بکات، واتە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی هاوئاهەنگی و گونجاندنی پلەبەپلەو دوولایەنەی سیاسەتەکانی خۆشگوزەرانی لەگەڵ بازاڕی کارو سیاسەتەکانی مالیاتی. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا هەڵومەرجی، واتە دۆخێك کە تێیدا دەوڵەتان بەرژەوەندییە دژەکانی نەتەوەیی لە راوێژەکانی نێودەوڵەتیدا چارەسەر دەکەن، دەبێ بەهەر نرخێك بێ تەنانەت ئەگەر بەبەهای لەدەستدانی نەتەوایەتیش بێ، بپارێزرێ، یان دەبێ یەکێتیی ئەوروپا لەژووروی فۆرمی ئێستای (یەکێتییەکی نێودەوڵەتیی) بەرەو فیدراسیۆنێکی واقیعی هەنگاو بنێ؟ تەنیا لە باری دووهەم دایە کە یەکێتیی ئەوروپا دەتوانێ وزەی سیاسی پێویست بەدەست بێنێ بۆ بەکارهێنانی سیاسەتە چاکسازییەکانی بازاڕ و پێکهێنانی سەوداو مامەڵەی دابەشکردنی عادلانەی سەرمایە.

## ڕووبەڕووبوونەوەی بەرەکان لە ئەوروپادا

لەنێو ڕەهەندەکانی باسی بەجیهانیبووندا هەڵبژاردنی ڕێگەچارە هەم بۆ لیبرالی نوێ و هەم بۆ ناسیۆنالیستەکان، کارێکی ئاسانە. لەکاتێکدا گومانداره بێ هیواکانی ئەوروپا (واتە ئەو کەسانەی لە سەرکەوتنی یەکێتیی ئەوروپا بەگومانن) بەتایبەتی ئێستا کە یەکێتییەکی دراوی لە قۆناغی جێبەجێکردندایە، سیاسەتی خۆپاراستن یان جیاخوازی پەیڕەو دەکەن. لایەنگرانی بازاڕی ئەوروپایی ڕەزامەندی تەواویان سەبارەت بەیەکێتییەکی دراوی کە تەواوکەری بازاڕی خۆجێیی ئەوروپایە دەربڕیوە و لەبەرانبەر ئەو دوو ئۆردوگایەدا فیدرالیستە ئەوروپاییەکان بەتەمای ئەوەن ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکانی ئەمڕۆ بگۆڕن بۆ یاسایەکی بنەڕەتی سیاسی کە بتوانێ بنەمایەك بۆ ڕەوایی بڕیاری دامەزراوە یان نەتەوەییەکانی ئەوروپا وەك (کۆمیسیۆنی ئەوروپا، ئەنجوومەنی وەزیران و دادگای عەدالەت) دابمەزرێنێ. بەڵام لایەنگرانی تیۆری جیهان - نیشتمانی لەو سێ ئۆردوگایە دوور دەکەونەوە، ئەوان پێکهاتنی یەك دەوڵەتی فیدرالی ئەوروپایی بەسەرەتایەك بۆ دروستبوونی تۆڕێکی ڕژێمە یان نەتەوەییەکان دەزانن، کە بتوانێ لە نەبوونی دەوڵەتێکی جیهانیشدا، سیاسەتی جیهانی - لۆکاڵی، ڕێبەری و پیادە بکا.

بەهەرحاڵ لەگەڵ ئەوەشدا ناکۆکی سەرەکی نێوان فیدرالیستەکانی ئەوروپایی و لایەنگرانی بازاڕی ئەوروپا تووشی ئاڵۆزی بووە، لایەنگرانی بازاڕی ئەوروپایی، بەهۆی گەڕان بەدوای ڕێگەیەك لەسەر بنەمای یەکیەتی دراوی ئێستا، لەگەڵ گومانددارانی ئەوروپاییدا شێوەیەك هاوپەیمانی نافەرمییان پێکهێناوەو وا دەردەکەوێ کە **بلێر** و **شرۆیدەر** زۆر لێك دوور لەگەڵ **تیت میر** نین. لایەنگرانی بازاڕی ئەوروپایی دەیانهەوێ هەلومەرجی ئێستای ئەوروپا بپارێزن، چونکە لەم هەلومەرجەدا ملدانی دەوڵەتی نەتەوەییە جیاوازو بەیەکەوە نەبەستراوەکانی ئەوروپایی بۆ یەکپارچەیی لەژێر سێبەری بازاڕدا مسۆگەر دەبێ. لێرەوەیە وتەبێژی بانکی نێوەندی ئەڵمان (نیچە بانك) ڕاوێژەکانی سەر یەکێتیی دەوڵەتی یا (دەوڵەتی فیدراڵ) بەباسی (ئاکادمیك) لە قەڵەم دەداو دەڵێ لە مەیدانی تێکەڵکردنی بوارەکانی ئابووریدا هەر چەشنە جیاوازییەك لە نێوان چالاکی مەدەنی و چالاکی ئابووریدا لەنێودەچێ. لەراستیدا لەنێوبردنی ئەو جیاوازییە ئامانجی سەرەکی ئەو ڕەوتی تێکەڵکردنەیە. لەو ڕوانگەیەوە وا لێکدەدرێتەوە کە ململانێ لە ئەوروپادا دەیەوێ سەرمایە نەتەوەییەکانی وەك (بەرنامە دەوڵەتییەکان، دابینکردنی کۆمەڵایەتی...) لە نێوبەرێ و پلەبەپلە بیانگۆڕێ بۆ پارە. بێگومان لایەنگرانی بازاڕی ئەوروپایی و ئەو گروپە لە سۆسیال دیموکراتەکان کە هاوکات لەگەڵ باوەڕبوونیان بەدەوڵەتی نەتەوەیی، خەریکی دۆزینەوەی ڕێگەی سێهەمن. خاوەنانی ئەو پێشبینییە لەوەدا هاوبەشن کە (لە سەردەمی بەجیهانیبووندا، سنووردارکردنی تواناکانی دەوڵەتی مەحاڵ بەجیهانیبوون بەر لەهەر شتێك پێویستی بەوە هەیە هێزە خۆ بەڕێوەبەرەکانی لیبراڵ لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا وەك داهێنانی تاکەکەس و هەستی بەرپرسایەتی تاکەکەس بەهێز بکەین). ئەو پێشبینییە هاوبەشە سەر ئەو

گۆڕانکارییە خێرایە دەخاتەڕوو کە لە پێکهاتەی ئیئتلافەکاندا هەن. ئەو ڕۆژانەش گوماندارە ئەورووپاییەکان (واتە ئەو کەسانەی کە سەبارەت بەسەرکەوتنی یەکێتیی ئەورووپا گومانیان هەیە) لایەنگرانی بازاڕی ئەورووپا، بەمەبەست و ئامانجی جۆراوجۆر پارێزگاری لە هەلومەرجی هەنووکەیی ئەورووپا دەکەن. گوماندارە ئەورووپاییەکان نایانەوێ سیاسەتە خۆشگوزەرانییەکان تووڕ دەن، بەڵام پێیان باشە ئەو سیاسەتانە رووەو سەرمایەگوزاری لە هێزە مرۆییەکاندا ئاراستەی خۆیان بگۆڕن، پێویستە ئەوەش بڵێین ئەوان خوازیاری ئەوە نین تێکڕای هەموارکردنە کۆمەڵایەتییەکان بکەوێتە ژێردەستی کەرتی تایبەتیی. کەواتە لەراستیدا دیالۆگی نێوان تازە لیبراڵەکان و لایەنگرانی فیدرالیزمی ئەورووپایی هەمان دیالۆگی نێوان لایەنگرانی هەڵسەنگاندنی بەرگریکارانە و هێرشبەرانە لە ڕێگەی (سێهەم)دایە، کە بە هێمنی و بەرچاو لە ئورودگای سۆسیال دیموکراتیکدا واتە لە نێوان لافۆنس و شرۆدەردا هەیە. ئەو گێرمەو کێشەیە تەنها لەسەر ئەوە نییە کە ئایا یەکێتیی ئەورووپا دەتوانی یان ناتوانی بەگونجاندنی سیاسەتی دارایی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی نالەباری وڵاتە جۆراوجۆرەکانی ئەورووپا، ئەو ئازادی کارکردنەی کە دەوڵەتە - نەتەوەییەکان لە دەستیان داوە بۆیان بگەڕێنێتەوە. بەهەرحاڵ بیاڤی ئابووریی ئەورووپایی لە سایەی تۆڕێکی لۆکالی پتەوی پەیوەندی بازرگانی سەرمایەگوزاری ڕاستەوخۆ، تائێستاش بە شێوەیەکی ڕێژەیی لە ململانێی جیهانی پارێزراوە. دیالۆگی نێوان گوماندارانی ئەورووپایی و لایەنگرانی دەوڵەتیی فیدراڵی ئەورووپایی، پتر لەسەر ئەوەیە کە ئایا یەکێتیی ئەورووپا بەو هەموو چەند جۆرییەی دەوڵەتەکانی ئەندام و هەبوونی گەل و نەتەوەو زمان و فەرهەنگی جۆراوجۆر دەتوانی تایبەتمەندی دەوڵەتێکی ڕاستەقینەو شیاوی پشت پێبەستن بەدەست بێنێ، یان دەبێ هەروا دیلی ئەو سیستەمانە بێ کە بەهۆی دانووسانی نێوان دەوڵەتەکان لە دایک دەبن. لایەنگرانی ئەورووپای فیدراڵ دەیانەوێ یەکێتیی ئەورووپا پەرە پێ بدەن، بەڕادەیەك جێبەجێکردنی سیاسەتگەل و ڕێوشوێنێك دەستەبەر بکرێ، کە وڵاتانی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا ناچار بکا کردەوەو بڕیارەکانیان یەکبخەن، تەنانەت ئەگەر ئەو سیاسەت و ڕێ و شوێنانە دابەشکردنەوەی (سەرمایە)شی بەدوادا بێ. لە ڕوانگەی لایەنگرانی دەوڵەتی ئەورووپایی فیدراڵ، دەبێ پەرەسەندنی توانای یەکێتیی ئەورووپا بۆ بڕیارە سیاسییەکان یەکبێت و لەگەڵ پەرەسەندنی ڕەوایەتی ئەو یەکییەتییە دابێ.

**پەرەسەندنی یەکگرتوویی**

بێگومان مەرجی سەرەکی فۆرمگرتنی دیموکراتیکی ئیرادەی گشتیی لەسەر ئاستی بان — ئەورووپاییدا، بەجۆرێ کە بتوانێ سەرلەنوێ مەشروعیەت ببەخشێ بە سیاسەتەکانی دووبارە دابەشکردنی (سەرمایە)و بیانپارێزێ، هەبوونی یەکگرتوویییەکی زیاترە لە بنەماو بنەڕەتدا. یەکگرتنە کۆمەڵایەتییەکان کە تائێستا لەنێو سنوورەکانی دەوڵەتی نەتەوەییدا گیریان خواردووە دەبێ بە شێوەیەك پەرە بستێنن کە هەموو هاوڵاتیانی یەکێتیی ئەورووپا بگرێتەوە، بەجۆرێك، بۆ

نموونە سویدیەك و پورتوگالییەك ئامادەی هاوكاری و یارمەتیدانی یەكتر بن. تەنیا ئەوا دەبێ چاوەڕان بین ئەوانە ڕێكبكەون تا لانی كەمی هەقدەستی یەكسان یا بە گشتی هەلومەرجی یەكسان بڕەخسێن بۆ قەوارەگرتنی چەندێتی و چۆنیەتی ژیانی تاكەكەسی، كە ڕەنگ و ڕووی نەتەوەیی جاران پێوە دەمێنی. گوماندارن ئەوە پەسەند ناكەن بەڵگەی وان ئەوەیە شتێك نییە سەلمێنەری هەبوونی (نەتەوەیی) ئەوروپا بێت، تا بتوانێ ببێتە بنەمای پێكهاتنی دەوڵەتێكی ئەوروپایی. بەڵام لە وەڵامی ئەوانەدا دەتوانین بڵێین تەنیا بەهۆی یاساگەلی بنەڕەتییەوە چەمكی (نەتەوە) بەدەست دێ. دیموكراسی بۆخۆی جۆرێك لە تێكەڵی سیاسییە كە بەنێوەنجیگەری سیستەمی دادوەری فۆرمی گرتووە، دیارە دیموكراسیش پشت بەفەرهەنگی سیاسیی دەبەستێ كە هەموو هاووڵاتیان تێیدا بەشدارن، بەڵام ئەگەر بزانین هۆشیاری نەتەوەیی و یەكگرتوویی كۆمەڵایەتیی لە وڵاتەكانی ئەوروپای سەدەی نۆزدەهەمدا پلەبەپلەو بەیارمەتی مێژوو نووسینەوەی نەتەوەیی، ڕەواجی پەیوەندییە گروپییەكان و سەربازگیری گشتی پێكهاتووە، ئەوا جێگەیەك بۆ دوودڵی و نائومێدی نامێنێتەوە. ئەگەر ئەو فۆرمە دەسكردە (یەكگرتوویی نێوان غەریبەكان) بەپشتیوانی هەوڵەكانی دووركەوتنەوە لە هەستی نەتەوەیی و خێڵەكی و بەرەو هەستێكی میللی و دیموكراتیك پێكهاتووە، بۆچی دەبێ پەرە پێدانی ئەو ڕەوتە فێرخوازیە لەو دیو سنووری نەوەییەكان، پەكی بكەوێ؟

بێگومان تائێستاش بەربەست و لەمپەری زۆر لەسەر ڕێگە هەن، یاسای بنەڕەتی بەتەنیا بەس نییە، یاسای بنەڕەتی تەنها دەتوانێ ڕەوتێكی دیموكراتیك دەست پێ بكا و زەمینەیەك بێ بۆ ریشە داكوتانی ئەو ڕەوتە. ئەگەر یەكێتیی ئەوروپا ببێ بە یەكێتییەكی خاوەن خەسڵەتی سیاسی، ڕێككەوتنی نێوان وڵاتەكانی ئەندام هەر وەك هێزێكی كاریگەر دەمێننەوە. وڵاتێكی یەكگرتووی فیدراڵی ئەوروپایی خەسڵەتی نایەكسانی لەگەڵ وڵاتە فیدراڵییە نەتەوەییەكان دادەبێ، كەواتە وڵاتێكی فیدراڵی ئەوروپایی بەو سادەییە ناتوانێ ببێتە كۆپیەكی پرۆسەكانی مەشروعیەت لە وڵاتانی فیدراڵی - نەتەوەییدا. سیستەمێكی حیزبی لە ئەوروپادا تەنیا بەمەرجێك دێتەدی كە حیزبەكانی ئێستا داهاتووی ئەوروپا لە چوارچێوەی نەتەوەییدا بخەنە بەرباس و لە درێژەی ئەو دیالۆگەدا بەرژەوەندی هاوبەش و ژوور نەتەوەیی خۆیان بدۆزنەوە. ئەو دیالۆگە دەبێ لەسەرانسەری ئەوروپا و لەیەك كاتدا و بە شێوەیەكی هاوئاهەنگ، لە پێكهاتە گشتی و بەیەكەوە بەستراوەكانی وڵاتانی جیاوازی ئەوروپادا ئەنجام بدرێ. بە واتایەكی تر بابەتە هاوبەشەكان دەبێ بە شێوەیەك بێنە بەرباس، كە یارمەتیدەر بن بۆ بەهاتنە سەركاری كۆمەڵگەیەكی مەدەنی ئەوروپایی هاوپشك لە نێوان گروپە بەرژەوەندیدارەكان و ڕێكخراوە ناحكومی و داهێنانە مەدەنییەكان. بەڵام دەزگاكانی ڕاگەیاندنی گشتیی و بان نەتەوەیی لەكاتێكدا دەتوانن دەست بدەنە دامەزراندنی سیستەمێكی پەیوەندی گرتنی فرە زمان كە سیستەمەكانی پەروەردە و فێركردن، هاوكات هەوڵ بدەن ئەوروپاییەكان بنەمایەكی هاوبەشیان لە زمانەكانی خۆیاندا هەبێ. ئەگەر ئەو ڕووداوە ڕوویدا

میراتە فەرهەنگییەکانی مێژووی هاوبەشی ئەوروپایی (کە ئێستا لە سەنتەرە نەتەوەییەکان دێنە دەرێ) پلە بەپلە لەگەڵ فەرهەنگێکی سیاسی هاوبەش یەك دەگرن.

لە کۆتاییدا چەند وشەیەکیش لە بارەی روخساری هاوولاتی (جیهان نیشتمانی) بڵێین، کە دەرەنجامی ئەو رەوتەیە، ولاتی ئەوروپای فیدراڵ بە پەرەپێدانی بنەماکانی ئابووری، لە شێوەی ئایدیالی خۆیدا دەبێتە خاوەنی ئابوورییەك کە سەرەنجام دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی کۆمەڵە جیاوکێك لە مەیدانی ململانێ جیهانییەکاندا. بەلام ئەگەر ئامانجی پرۆژەی ئەوروپایی فیدراڵ هەمان ئامانجی بوونە ئەکتەرێکی جیهانی بێ وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوا گشتگیری و هەمەلایەنەی خۆی لەدەست دەدا و دەبێتە شتێکی تایبەتی و رەهەندێکی تازە، واتە رەهەندێکی ئابووری دەدا بەو شتەی کە بۆ پەنابەرە سیاسییەکان (قەلای ئەوروپا) بوو. لەبەرپەرچدانەوەی ئەو بۆچوونەدا، تازە لیبراڵەکان، لەوانەیە بە کوتانی دەهۆڵی (ئەخلاقی بازاڕ) لافوگەزافی (بێ بەریبوون لە دەمارگیریی) بازاڕێکی جیهانی لێ بدەن کە بەبانگەشەی ئەوان، دەرفەتی بەو ئابوورییە تازە پەرەسەندووانە داوە، کە کەڵك لە جیاوکی بەرهەمهاتووی هەرزان وەرگرن. تواناکانی خۆیان بۆ لەنێوبردنی ئەو جیاوازییانە بجەنەگەڕ کە پرۆگرامە خێرخوازەکانی پەرەسەندن هەرگیز توانای لە ناوبردنیانی نەبووە.

پێویست بەباسکردنی خەرجی کۆمەلایەتییەکانی ئەو جۆرە پەرەسەندنانە نییە. بەلام ناتوانین بڵێین ئەو دەستەبەندی. یان نەتەوەییەی ناسنامەیەکی سیاسی هەڵگرتووەو دەتوانێ لە مەیدانی نێودەوڵەتیدا کار بکا رەخنەی لێناگیرێ، هەنگاوی یەکەمی ئەوان واتە هەنگاوێك کە دەبێتە هۆی پێکهاتنی ئەو گروپ و بەندییانە، هەنگاوی دووهەمیش بەدوادابێ.

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا گروپی بچووکی ئەو ئەکتەرانەی کە لەسەر ئاستی جیهانیدا توانای کاری سیاسییان هەیە، دەتوانن لە چوارچێوەی رێکخراوێکی نێونەتەوەیی نوژەنکراودا، بکەونە پەرەبێدانی تۆری تارادەیەك لەبەریەك هەڵوەشاوەی سیستەمە ژوور نەتەوەییەکان و پاشان ئەو رایەڵکەیە بەجۆرێك بەکاربێنن، بتوانێ لە بوونی دەوڵەتێکی جیهانیدا، ببێتە بنەمایەی گوزارشتی جیهانی لە سیاسەت. ئەو سیاسەتە دەبێ بەئامانجی هاوئاهەنگی دەکار بخرێ، ئامانجی ستراتیژی دەبێ ئەوەبێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە فەرهەنگییەکان پلەبەپلە جیاوازی و سنوورە کۆمەلایەتیی و جیاوازییە چینایەتییەکانی کۆمەڵگەی جیهانی لە نێوبەرێ.

* سەفتە: کارکردن بەسەفتە، سەفتە کاغەزی بەهادارە لە بری پارە بەکاردەبرێ ئەمەش دەبێتە پاراستنی پشتیوانی پارە.

سەرچاوە:

اسم کتاب، شمارە ١٩ ص٨١، ص٢٦-٣١.

**پێداچوونەوە: چێکردن دەزگای موکریانی**